پارێزگاری کەرکووک بەردی بناغەی دامەزراندنی چوار خوێندنگەی نموونەیی لەناو کەرکووک دانا

ڕێبوار تەها، پارێزگاری کەرکووک بەردی بناغەی دامەزراندنی چوار خوێندنگەی نموونەیی لە کەرکووک دانا.

ئەمڕۆ چوارشەمە، ڕێبوار تەها پارێزگاری کەرکووک، بەردی بناغەی دروستکردنی چوار خوێندنگەی نموونەیی دانا کە هەر یەکەیان 18 پۆلی خوێندن لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش لە گەڕەکەکانی: تەپپە، حەجاج، عروبە، ڕەگەی بەغدا، و پرسکە ناحیەی تازە و حەویجەش دەگرێتەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی پارێزگای کەرکووک، ئەو خوێندنگەیانە کە دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە لە چوارچێوەی پلانەکانی ئیدارەی کەرکووک و دامەزراندنی خوێندنگەیە لەشوێنی ئەو خوێندنگە کۆنانەی ڕووخێنراون و بینا کردنی بەپێی بناغەی شارستانی و نموونەیی بە پاڵپشتی کردنی کەرتی پێوەردە لە کەرکووک.